سەيد حەكيم: ميانڕەوى و هاوسەنگى قورسترين بەرنامەيە بەڵام زۆرترين خزمەتى خەڵكى دەكات

بەڕيز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت و سەرۆكى رەوتى حيكمەى نيشتمانى چاوى كەوت بەكۆمەڵيك سەركردە و كاديرانى رەوتى حيكمەى نيشتمانى لە بەغدا، سەيد حەكيم ئاماژەى بە نزيكبوونەوەى پرۆژەكە دا و پيرۆزبايى لە ئامادەبووان كرد بەوەى كە كارەكانيان زۆر پێشكەوتنى بەخۆيەوە بينيوە و ڕوونيكردەوەش كە عێراق پێويستى بە حيكمە و قسەى خۆش هەيە لەهەمو هەڵوێستيك لە ولاتێك كە فرەييەكى زۆرى تێدا هەيە.

سەماحەتى دووپاتى كردەوەش كە پرۆژەى حيكمە درێژەيەكە بۆ كاروانى ئيمامى حەكيم (نهێنى پارێزراو بێت) و جەختيشى كردەوە لەسەر بنەماكان و كرانەوە بەڕووى هەمووان، ئەوەش وەك ئەميرى موسڵمانان كارى پێدەكرد (سلاوى لێ بيت) كە هاتوە (اما اخ لك فى الدين أو نظير لك في الخلق) ئەوەش واتاى ئەوەيە دەستگرتن بە نيشتمان زۆر گرنگە لەبەر ئەوەى چەترێكە بۆ هەمووان، هەروەها دەستگرتن بە ناوەندگيرى و هاوسەنگى كە سەختترينە بەڵام پڕ خزمەتترينە بۆ نيشتمان.

.لەكۆتايدا سەماحەتى خوازيارى يەكخستنى نەوەكان و بەدامەزراوەيى كردن بوو،هەروەها جەختيكردنەوە لەسەر پلاندانان و پێناسەكردنى ديدگاكە، لەگەڵ گرنگى مەيدانەكە و كاركردن لە مەيدانەكەدا، هەروەها چڕكردنەوەى هەوڵەكان، وەبيرى هێنايو□ كە "خزمەتكردن" فەلسەفەى ڕەوتى حيكمەى نيشتمانييە، هەروەها داواى شەفافيەت و كارى ڕوون و سەركەوتن بۆ نزيكبوونەوەى شەهيدى ميحراب دەكات (نهێنى پارێزراو بێت)..